پـــاریزگای سلێمانی

کۆدی پرۆژە [(SUL. G. (٢٩٧١)] ساڵی ٢٠١٥

کەمکردنەوەی نهێنی / بانگێشتی (گشتی)

١- بۆ پرۆژەی : گواستنەوەو دابەشکردنی ئاوی پاکی خواردنەوە بەتانکەر بۆ سنوری شاری سلێمانی و دەوروبەری و گەڕەکەکانی (بەکرەجۆ – ڕاپەڕین – تاسلوجە).

پـــاریزگای سلێمانی بانگێشتی گشتی بۆ سەرجەم کۆمپانیا و بەڵێندەران دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە ئهێنییە . جا هەر بەڵێندەرێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لەم کـــەمکردنەوەیە با سەردانی بینای پـــاریزگای سلێمانی (کاروباری هونەری/ فرۆشتنی تەندەر) بکات لە نهۆمی زەمینی بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبـــەر (١٥,٠٠٠) پانزە هەزاردینار ی عێراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ بەڵێندەر و کرێی بلاوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەڵێندەرەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

١- وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی (٢٠١٥/٠٨/٠٣) دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (١٦/ ٠٨/ ٢٠١٥) لە کاتژمێر (٩) ی سەر لە بەیانی تا کاتژمێر (٢:٠٠)ی پاش نیوەڕۆ , تەنها ڕۆژانی پێنج شەممە وەرگرتنی تەندەر تا کاتژمێر (١:٠٠) ی پاش نیوەڕۆ دەبێت .

٢- ڕۆژی گەڕاندنەوەی تەندەر (٢٠١٥/٠٨/١٧) تا کاتژمێر (١٢:٠٠) ی نیوەڕۆ دەبێت .

٣- ڕۆژی کردنەوەو ناشکراکردنی تەندەر لە ڕۆژی (١٨/ ٠٨ /٢٠١٥) کات ژمێر (٩) پێش نیوەڕۆ دەبێت.

٤- هەر ڕۆژێك لەو بەروارانەی لە سەرەوە دەست نیشان کراوە بوو بە پشوی ڕەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت, ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوام دوای پشووەکە دەبێت.

٥- ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە: (١٧٠) سەدو حەفتا ڕۆژ (ڕۆژمێری)

٦- پێویستە بەڵێندەر لە کاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن (اعتذار) پێش کەش بکات وە تیایدا هۆکاری تەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات .

٧ - پێوستە بەڵێندەر لە کاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمەیڵ (email) ی تایبەت بەخۆی پێشکەش بکات.

٨- پێویستە لەسەر بەڵێندەر پابەندی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ (١) ی ٢٠١١ ،مەرجەگشتیەکانی بەڵێندەرایەتی ئەندازەی عێراقی بەشی (١و٢) بێت.

((مەرجەکانی بەشداری کردن))

١- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پێوستە تایبەت مەند بن لە بواری (گواستنەوە) وە بڕوانامەی دامەزراندنیان هەبێت لەو بوارەدا و پێناسی ژووری بازرگانی و پیشەسازیان پێبێت و بەسەر نەچووبێت.

٢- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنن .

٣- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت .

٤- بڕی بارمتەی یاسایی بە بڕی (٨,٠٠٠ ,٠٠٠) هەشت ملیۆن دینارەو بە (چەکی پەسندکراو) یان (خطاب ضمان) بۆ ماوەی (١١٨) ڕۆژ پێشکەش دەکرێت.

٥- بەڵێندەر یان کۆمپانیا نامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەرێك بە نووسراوی فەرمی دیاری بکاتو نامادەبێت . ئەگەر نامادەش نەبێت پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت .

٦- پاریزگای سلێمانی پابەند نی یە بە کەمترین نرخ.

٧- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (٩٠) ڕۆژە لەدوای بەروای داخستنی صندوقی گەڕاندنەوەی تەندەر.

وێنەیەك بۆ:

- بەڕێز سەرۆکی ئە نجومەنی پاریزگا
- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب . گشتی ژمێریای / گە نجینەی /٢ سلیمانی / بۆ نامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شی کردنەوەو سپاردن .
- **ب.ئاوی سلیمانی** / بۆ نامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شی کردنەوەو سپاردن .
- ب .گرێبەستەکان / کاروباری یاسا / بۆ کاری پێویست .
- کاروباری هونەری/ ب. پلان و بەدواداچوون/ بۆ ژانیاریتان .
- سایتی پاریزگا .
- ب . ژمێریاری / لەسەر بودجەی ب. ئاوی سلێمانی ٢٠١٥.
- یەکێتی بەڵێندەران/ بۆ نامادەبوونی نوێنەرتان لەکاتی کردنەوەی تەندەر.
- فەرمانبەری تایبەت بەکاری بلاوکردنەوە: ئەڕۆژنامەو کەنالەکانی ڕاگەیاندن، بۆ کاری پێویست.
- سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەر.
- بەشی IT.
- بۆ بینینیی ئەم بانگەوازە سەردانی مالپەڕی www.slemani.gov.krd بکە .

سەردار قادر علی

جێگری پاریزگار بۆ کاروباری هونەری

٢٠١٥/٠٨/٤

.....نامادەکردنی بانگەواز

ئە. نامادەکردنی تەندەر

ئە. چێکی تەندەر

ل. بەڕێوبەر